# ئەفســـــــــانەی شیعری مەجەری

نەبیل یاسین
و: عیســـا چیایی

ڕەخنەگری مەجەری، (فیلمۆش فاراغۆ) لەگۆڤاری (orion)دا، لەتوێی نووسینێکدا بەناونیشانی (شیعر بۆ هەمووان) دەڵێ: ئەمڕۆ لەمەجەردا، دە ملیۆن کەس شیعر دەنووسن، (کەئەمە ئەوکاتە، ژمارەی دانیشتوانی مەجەر بووە..تێبینی وەرگێڕی عەرەبی) و لەهەموو ڕۆژێکدا دیوانە شیعرێک چاپدەکرێ، یان شاعیریک ڕووبەڕووی جمهوردەبێتەوە، یان ئێوارە کۆڕێک، فێستیڤاڵێک، بۆ ئارەزوومەندانی شیعر ساز دەکرێ.

مەجەر، نیشتمانی شیعرە، لەو وڵاتەدا حەوت دەزگا، بەردەوام لەگەڵ شیعردا مامەڵە دەکەن، لەدە ساڵی (١٩٦٠-١٩٧٠) دا، بە تیراژی (٧) ملیۆن دانە، (١٢٠) کۆمەڵە شیعر چاپکراوە، لەوانە (٧٥) یان، نووسەرەکانیان مەجەری و(٤٥) یشیان لەزمانەکانی ترەوە وەرگێڕدراون، لەڕۆژی شیعری مەجەریشدا، ئەنتۆلۆجیایەک بۆ شیعری مەجەری، کە هەڵبژاردەیەکە بۆ شیعری تازەی مەجەری، بۆ زیاتر لە هەشتا شاعیری مەجەری زیندوو چاپدەکرێ، کە ئەم ڕێژەیە هەمان ڕێژەیە بۆ ساڵەکانی (١٩٨٤-١٩٨٥-١٩٨٦-١٩٨٧-١٩٨٨) بەتیراژی، سی تاچل هەزار دانە، کە لەڕۆژانی ئاهەنگی ڕۆژی شیعردا تەواو دەبێت، وڵاتی مەجەرستان، ساڵی (١٩٨٦)، سێ سەد شاعیر شیعری زیندووی هەبووە، کە هەرلەو ساڵەدا زیاتر لە (١٧٠٠) شیعر لە ڕۆژنامەو گۆڤارە ئەدەبیەکانی ئەو وڵاتەدا بڵاوبۆتەوە، ڕادیۆ وتەلەفزیۆنەکانیش، بە شێوەیەکی بەردەوام وچڕ وپڕ، شیعریان پەخشکردووە،

هەفتەیەک تێنەپەڕیوە، کە زیاتر لە ئێوارە کۆڕێک بۆ شیعر، لە یانە و هۆڵی شانۆو ماڵە ڕۆشنبیریەکاندا ساز نەکرێت.

## چی بە ئێرەوەم دەبەستێتەوە..؟

### ئەندریە ئادی (١٨٧٧-١٩١٩)

چی بە ئێرەوەم دەبەســـتێتەوە..؟
کەلەم جێگە نامۆیەدا
هیچ کەسێک خۆشی ناوێم..

* * *

بۆچی، گوڵەکانی ئێرە، جوانتر..و
بۆنخۆشترن لە گوڵی هەموو جێگاکانیتر
ئاژاوەی ئەم دارستانەش
زیاترە لە هی باڵندە سترانبیژەکان..

* * *

باری دڵم ئاسوودەیە
بۆچی تەنها لێرەدا، دەبێ وابێت..؟



لێرەدا هەقیقەت، هەست دەکا..

لێرەدا هەقیقەت، دەتوانی

خۆشەویستیی و ڕق، ئەنجام بدات..

***شـــاعیرێکی نوێخوازی مەجەرییە،** شـــیعرەکانی بەخۆشەویســـتی ناوبانگیان دەرکردووە، لە پاریـــس ژیاوەو هەر لەوێش مردووە .

## شاندرۆ فوروش (١٩١٣-١٩٨٩)**

### بەهار

دڵۆپی وشەکان..

لەناوەوەم ڕژا، وابەڕێکەوتن

دەئەی ئەو کەسەی، مەجەری دەزانی، بخوێنەوە.

### جیهانێکی بێزارکەر

بوونەوەرێکی هەتا هەتایی، دوو پێ..

نازانی، پێی سێیەمی لەکوێدا دانێ

نازانی، لە کوێدا خۆی دابەشبکات

کـــــەواتە:

ئەو، زۆر و زۆرتریش دەبریسکێتەوە..

### دوو شتە سادەکەی مایۆ

شەوێکی ڕەش!.

گەر ڕەنگی هەبایە سپی دەبوو..

لەوێ، بۆ ماڵی دەڕۆینەوە

بۆنی شەویش، بۆنێکی قورســــــــە.

٢.تەنیا دوو شاعیر هەن:

یەکەمیان: فوروش..و

ئەوی تریشیان: منم.

با، شوێن پێکانم دەسڕێتەوە
قوڕ، شوێن پێکانم دەسڕێتەوە
شەڕێک لەوێ هەڵگیرسابوو..و
هەموو شتێک دەخنکا
شوێن پێیتر، شوێن پێکانم دەسڕێتەوە..

**: یەکێکە لەشاعیرە گەورە و هاوچەرخەکانی مەجەرستان.

## میکۆش رادنوتی (١٩٠٥—١٩٤٤)

**شاعیرێکی نوێخوازە،لەیەکێک لەسەربازگەی گرتووخانەکانی نازییەکاندا کوژرا.**

## پێنج شەممە

لە ئوتێلێکی بچکۆلەدا، لەنیویۆرک
(ت) پەتێکی خستە گەردنی خۆی
بەبێ وڵات، کێ دەتوانێ ئەم هەموو ساڵانە سەرگەردان بێ
ئایا کەس لەوە سەرگەردانتر دەبێ..؟

(ی.م ) لەوڵاتەکەی خۆیدا بێ نیشتمان مایەوە،
لە پراگ خۆیکوشت و
(ب.ر) ساڵێک ئەبێ هیچی بۆ نەنووسیوە
ڕەنگە لەژێر ڕەگی دارە وشکەکاندا مردبێ..؟

ئەو شاعیرێک بوو، ڕۆیشت بۆ ئەسپانیا
لەوێ، تەمومژێک، تەمومژی پەشیمانی خۆی،چاوانی داپۆشی
هەرکەسێک شاعیر بێ، یان بخوازێ سەربەست بژی
ئەرێ ئەشێ، لەهەمبەر چەقۆیەکی درەوشاوەدا بقیژێنێ..؟
ڕەنگە ئەو لەپێناو ژیاندا بقیژێنێ!



## دووەمین لەدایك بوونم

### شاندوریوری (١٩٢٠– ؟)

بەژێر هەوردا
یادگاریی لەدایکبوونم هەڵدەگرم و
بەلای مندا ڕووبارێک، وەکو چەقۆیەکی
بەجێماو بەسەر مێزێکەوە لەبەرهەتاودا، دەدرەوشێتەوە.

کێوێکی، کانی قورینی، ڕەنگ دۆزەخین
دۆڵە تەسکەکانی ڕێگایەک دەکەنەوە
وەکو منداڵێتیم، جێیدێڵم
هەر شتێکم خۆشدەوێ جێیدێڵم
تا لەکۆتاییدا سەربەست بمە

* * *

یەکێکە لەشاعیرە نوێخوازەکانی وڵاتی مەجەرستان، نووسەری سیناریۆیە، لەسەرەتای هەشتاکاندا، لەکاتی کۆنگرەیەکی ڕۆشنبیریدا لەئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتی ئەوسا و لەدژی دەسەڵاتی شیوعی مەجەری، ئیمزای لەسەر بەیانێک کردبوو، لەسەر ئەو کارە ڕاوەدوو نەنرا ویەکێک بوو لەیەکەمینەکانی ئەو ڕۆشنبیرانەی ئامادەبوون هێرش بکەنە سەر دەسەڵات،
هەر ئەو حیزبی دیموکراتی نەتەوەیی مەجەری دامەزراند، کە یەکەمین حیزب بوو، دوابەدوای شیوعییەکان حوکمیان گرتە دەست.

ژێدەر: هەفتەنامەی (الادیب) ساڵی پێنجەم ژمارە (١٧٨)ی (٢٩/١٠/٢٠٠٨)
(الشعر المجری المعار: مقدمه وتعریف و نصوص ) لاپەڕە (٩٧–١٤)